Washington State Department of Social & Health Services
Transforming lives

# ماف و بەرپرسیارێتییەکانی ئێوە لە کاتێکدا کە لە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراو لەلایەن فەرمانگەی بەساڵاچوویی و پاڵپشتی درێژخایەن و فەرمانگەی کەمئەندامییە تاکەکەسییەکان کەڵک وەردەگرن

# Your Rights and Responsibilities When You Receive Services Offered by Aging and Long-Term Support Administration and Developmental Disabilities Administration

| ناوی مشتەری |
|---|
| ژمارەی پێناسی ACES |

**خزمەتگوزارییەکانی بەردەست**

ئێوە ئەو مافەتان هەیە کە لە نێوان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە مافی وەرگرتنیتان هەیە، هەڵبژێرن. ئەم خزمەتگوزارییانە، دڵخوازانە و ئارەزوومەندانەن. ئەو خزمەتگوزارییانەی کە فەرمانگەی بەساڵاچوویی و پاڵپشتی درێژخایەن (ALTSA) و فەرمانگەی کەمئەندامییە تاکەکەسییەکان (DDA) پێشکەشی دەکەن، ڕەنگە هەموو پێداویستییەکانی ئێوە چارەسەر نەکەن.

ALTSA و DDA لەو شوێنانەی خوارەوەدا، خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن:

- ماڵی بەساڵاچووان، ناوەندیی چاودێریی، ناوەندیی ستەرییی، ناوەندیی خزمەتگوزاریی پێشکەوتووانە، ماڵی هاوڕێیەتی، بەخێوگەی منداڵان، ناوەندیی نیشتەجێبوونی پەسەندکراو و خاوەن فەرمانبەر، تایبەتی منداڵان، ماڵە بەکۆمەڵەکانی DDA، ماڵەکانی فێرکاریی بەکۆمەڵ، ICF/IDs؛ یان
- ماڵی ئەو کەسە بۆخۆی. **تێبینی:** ALTSA و DDA خزمەتگوزاریی چاودێریی تاکەکەسی 24 کاژێرە و خاوەن تێچوو لە ماڵی ئەو کەسە بۆخۆیدا، پێشکەش ناکەن. ئەگەر چاودێریی 24 کاژێرە ڕەچاو بکرێت، دەبێت بژاردە خزمەتگوزارییەکانی تر لەبەرچاو بگیردرێن.

بەڕێوەبەری دۆسیەی AAAی ئێوە، بەڕێوەبەری **سەرچاوەکانی دۆسیەی** DDA یان پسپۆڕی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی HCS لەم بەڵگەنامەدا، بەرپرسی دۆسیەیی دەگوترێت.

**مافەکانی ئێوە**

مافەکانی ئێوە بریتین لە:

- بە ڕێز و حورمەتەوە و بە بێ هەڵاواردن لەگەڵتان هەڵسوکەوت بکرێت؛
- زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ئێوە لە سنووری یاسا و ڕێساکانی DSHS دا بە نهێنی ڕاگیردرێت؛
- نەکەونە بەر ئاکاری خراپ، سەرنج نەدان، چەوساندنەوە لە باری داراییەوە و بەرەڵا نەکرێن؛ بۆ باسی ئەم چەمکانە سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://www.dshs.wa.gov/altsa/home-and-community-services/types-and-signs-abuse. ئەگەر ئێوە یان کەسێک کە دەیناسن، کەوتووەتە بەر ئاکاری خراپ، سەرنج نەدان یان چەوساندنەوە لە باری داراییەوە، تکایە بە تەلەفۆنی خۆڕایی 1-866-(End Harm) / 1-866-363-4276 پەیوەندی بکەن بە DSHS-ەوە تاکو لەگەڵ بەرپرسێ کە دەتوانێت یارمەتی ئێوە بدات، قسە بکەن؛
- بە ڕێزەوە لەگەڵ داراییەکانی ئێوە هەڵسوکەوت بکرێت؛
- هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەتوانن وەریانگرن پێتان ڕابگەیەندرێت و خۆتان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەتانەوێت یان ناتانەوێت، هەڵبژێرن؛
- بە هاوکاری بەرپرسی دۆسیە بۆ خزمەتگوزاریی چاودێریی خۆتان بەرنامە دارێژن؛
- زۆرتان لێ نەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ناتانەوێت وەڵامیان بدەنەوە یان جێبەجێکردنی کارێ کە ناتانەوێت بیکەن؛
- بڕیارەکانی دامەزراوەکە بە نووسراوەیی وەرگرن و کۆپییەک لە پوختەی گەڵاڵەی چاودێریی یان گەڵاڵەی پاڵپشتی خۆتان وەرگرن؛
- ئەگەر لەگەڵ بەرپرسی دۆسیە ڕێناکەون لەگەڵ سەرپەرشتێک قسە بکەن؛
- تەنانەت ئەگەر سکاڵاتان کردووە، داوای دۆزگەریی فەرمانگەیی بکەن؛
- بە بێ ترس لە هەرجۆرە زیانێک سکاڵا بکەن، تەنانەت ئەگەر دۆزگەریی فەرمانگەییتان داوا کردووە؛
- لە ڕێگای پەیوەندیی کردن بە ژمارەی 1-888-201-1014 لەگەڵ پارێزەر قسە بکەن؛
- ڕەتکردنەوەی هەموو خزمەتگوزارییەکان؛
- ئەگەر لە قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی یان تێگەیشتن لەوە کێشەتان هەبێت، خزمەتگوزاریی وەرگێڕی زارەکی بە شێوەی خۆڕایی پێشکەشتان دەکرێت؛
- هەڵبژاردن، دەرکردن یان گۆڕانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی خاوەن مەرجەکان؛ و
- وەرگرتنی دەرئەنجامەکانی پشکنینی پێشینە بۆ هەرکام لەو پێشکەشکارانەی خزمەتگوزاریی کە هەڵیدەبژێرن.

**بەرپرسیارێتییەکانی ئێوە**

بەرپرسیارێتییەکانی ئێوە بریتین لە:

- ڕێگە بدەن بە بەرپرسی دۆسیە کە هەڵسەنگاندنی ئێوە لانیکەم بە شێوەی ساڵانە لە شوێنێکدا کە بۆ ئێوە هاسانترە، جێبەجێ بکات؛
- ڕێگە بدەن بە بەرپرسی دۆسیە کە لانیکەم بە شێوەی ساڵانە، سەردانی شوێنی ژیانی ئێوە بکات؛
- زانیاریی تەواو لەبۆ تەواوکردنی هەڵسەنگاندنی خۆتان پێشکەشی ئێمە بکەن؛
- ئەگەر کەسێکی تر لەسەر بابەتە پزیشکی یان پێوەندیدار بە داراییەکان بڕیارتان بۆ دەدات، بابەتەکە بە بەرپرسی دۆسیەکە ڕابگەیەنن؛
- لە پەرەپێدانی گەڵاڵەی چاودێریی یان پاڵپشتی خۆتاندا بەشداریی بکەن و واژۆی بکەن؛
- لەم بابەتە تێبگەن کە نابێت بە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی ئێوە بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی یان کاژێرگەلێک کە ڕێگەپێدراو نییە، پارە بدەن؛
- گەڵاڵەی چاودێریی لەشساخی خۆتان هەڵبژێرن؛
- یەکێک لە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی کە مەرجەکانی هەیە، هەڵبژێرن؛
- شوێنکارێکی دڵنیا دابین بکەن؛
- پشکنینە جێبەجێکراوەکان لە بواری پێشینەکانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی، بە نهێنی ڕاگرن؛
- ئەگەر کێشەیەکتان لەگەڵ پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی خۆتان هەیە یان ئەوەی کە بەپێی کاژێرە وتراوەکان لەلایەن پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەوە، خزمەتگوزاریی وەرناگرن، بەرپرسی دۆسیەکە ئاگادار بکەنەوە؛
- ئەگەر بەشێک لە تێچووەکانی چاودێریی بە ئەستۆی ئێوەیە، هەموو مانگێک تێچووی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی بدەن؛
- بە جۆرێ هەڵسوکەوت مەکەن کە بۆ کەسێک مەترسی پێکبهێنن؛ و
- ئەگەر لەو بابەتانەی خوارەوەدا گۆڕانێک پێکهات، بەرپرسی دۆسیەکەی خۆتان ئاگادار بکەنەوە:
  - ✓ بارودۆخی پزیشکیی؛
  - ✓ یارمەتییەک کە لەلایەن خێزان یان دیکەی دامەزراوەکانەوە وەریدەگرن؛
  - ✓ شوێنێ کە تێیدا دەژین؛ و
  - ✓ بارودۆخی دارایی ئێوە.



Barcode label

16172

**ئەرکەکانی بەرپرسی دۆسیە**

ئەرکەکانی بەرپرسی دۆسیە بریتین لە:

- بە ڕێز و حورمەتەوە لەگەڵتان هەڵسوکەوت بکات؛
- هەرێمی تایبەتی ئێوە بپارێزێت؛
- ئەو کارانەی کە ALTSA و DDA دەتوانن یان ناتوانن پێشکەشیان بکەن، بە ئاگاداری ئێوە رابگەیێنێت؛
- لە ئێوە و دیتران هەندێ زانیاریی کۆ بکاتەوە تاکو ئاستی یارمەتییەکان دیاریی بکات و لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەتوانن هەڵیانبژێرن، بریار بدات.
  - ✓ ئەم هەڵسەنگاندنە بریتی دەبێت لە خاڵە بەهێزەکان، سنوردارێتییەکان، ئامانجەکان و پێشترێتییەکان.
  - ✓ ئەم هەڵسەنگاندنە، ئەو یارمەتییانەی کە لە پێشەوە وەریاندەگرن و یان دەتوانن لە ڕێگای خێزان یان دیکەی دامەزراوەکانەوە وەریانگرن و هەروەها ئەوەی کە دەتانەوێت خزمەتگوزارییەکان بە چ شێوازێک جێبەجێ بکرێن، لەبەردەگرێت؛
- لە پێکهێنان و پەرەپێدانی گەڵاڵەیەکی چاودێریی یان پاڵپشتی کە لە بواری چاودێریی تاکەکەسیدا یارمەتی ئێوە بدات و بریتییە لە ئامانجەکان، پێشترێتییەکان و هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکانی ئێوە، یارمەتی ئێوە بدات؛
- هەموو ساڵێک یان کاتێ کە هەلومەرجی ئێوە دەگۆڕدرێت، لە ئێوە و دیتران زانیاریی وەرگرێت تاکو گەڵاڵەی چاودێریی یان پاڵپشتی ئێوە بەڕۆژ بکاتەوە؛
- کاتی تەواو بە ئێوە بدات کە زانیارییە پێویستەکان پێشکەش بکەن؛
- ئەگەر هەندێ کێشە لە بواری گەڵاڵەی چاودێریی یان گەڵاڵەی پاڵپشتی ئێوەدا پێکبێت، تاوتوێیان بکات؛
- ڕێز لە مافەکانی ئێوە بگرێت و ئەگەر ئێوە تووشیاری ئاڵۆزیی دەروونی، عەسەبی، هەستیی یان جەستەیین، بۆ دەسڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان، زیاتر یارمەتی ئێوە بدات؛ و
- ئەگەر نەتوانن پێشکەشکارێکی خزمەتگوزاریی خاوەن مەرجەکان بدۆزنەوە، لەم بوارەدا یارمەتی ئێوە بدات.

**فەرمانەکانی پێشەکی**

ئێوە ئەو مافەتان هەیە کە لە پێشدا فەرمان بدەن. فەرمانەکانی پێشەکی دەتوانن بریتی بن لە نوێنەرایەتی پزیشکیی یان وەکالەتنامەی درێژخایەن بۆ چاودێرییەکانی پێوەندیدار بە لەشساخی ئێوە. فەرمانەکانی پێشەکی، ویستەکانی ئێوە سەبارەت بە چاودێرییە پزیشکیی و/یان دەروونییەکان لەوانە مافی وەرگرتن یان رەتکردنەوەی دەرمانە پزیشکییەکان، لەشساخی دەروونی یان نشتەرگەریی لەو کاتەیدا کە توانایی زەینیتان بۆ بریاردان نییە، بە کورتی پیشان دەدەن. دەتوانن هەر کاتێ کە ویستتان، ئەم فەرمانانەی پێشەکی هەڵوەشێننەوە.

**خزمەتگوزاریی ناونووسی دەنگدەران**

یاسای نیشتمانی ناونووسی دەنگدەران پەسەندکراوی 1993، هەموو ویلایەتەکان بە ئەرکدار دەکات تاکو لە ڕێگای نووسینگە گشتییەکانی خۆیانەوە، هەندێ هاسانکاریی و ئیمکانات لە بواری ناونووسی دەنگدەران دابین بکەن. پێشکەشکردنی داواکاریی لەبۆ ناونووسی بۆ دەنگدان یان رەتکردنەوەی ئەوە، لەسەر خزمەتگوزارییەکان یان رادەی قازانجگەلێ کە لە ڕێگای ئەم دامەزراوەوە وەریدەگرن، کاریگەرییەکی نابێت. ئەگەر لە پرکردنەوەی فۆرمی ناونووسی دەنگدەراندا پێویستتان بە یارمەتی هەیە، یارمەتی ئێوە دەدەین. بریاری ئێوە لەسەر ناونووسی یان خۆپارێزی لە ناونووسی، بە نهێنی دەمێنێتەوە و تەنیا بۆ ئامانجەکانی پێوەندیدار بە ناونووسی دەنگدەران بەکار دەهێنرێت. ئەگەر وادەزانن کە کەسێک لە مافی ئێوە بۆ ناونووسی یان خۆپارێزیی لە ناونووسی لەبۆ دەنگدان، مافی پاراستنی هەرێمی تایبەتی ئێوە لە بواری بریاردان بۆ ناونووسی یان بۆ داواکاریی ناونووسی بۆ دەنگدان یان مافی ئێوە بۆ هەڵبژاردنی حێزبی سیاسیتان یان دیکەی پێشترێتییە سیاسییەکانتان دەستێوەردانی هەبووە، دەتوانن لە ڕێگای خوارەوە سکاڵا بکەن:

Washington State Elections Office<br>PO Box 40229<br>Olympia WA 98504-0229<br>1-800-448-4881

**واژۆی ئێوە**

ئەگەر لە ماف و بەرپرسیارێتییەکانی خۆتان و هەروەها ئەرکەکانی بەرپرسی دۆسیە تێگەیشتن، لەسەر هێڵی خوارەوە واژۆ لێدەن.

______________________________

واژۆی مشتەری

______________________________

ڕێکەوت

______________________________

واژۆی نوێنەری یاسایی

______________________________

ڕێکەوت

تێبینی بۆ هاوڵاتیان و کارمەندان(ناونیشانی VI و VII) خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئیدارەی ویلایەتی واشنتۆن خاوەنکارێکە کە بە یەکسانی دەرفەت دەرەخسێنێت و هیچ جیاکاری ناکات لە هیچ بوارێکی کارکردن، پرۆگرام و خزمەتگوزاریەکانی لەسەر بنەمای تەمەن، ڕەگەز، جۆری باری سێکسی، جێندەر، دەربڕینی کەسیی، باری هاوسەرگیری، ڕەچەڵەك، هۆز، ڕەنگ، وڵاتنامە، ئایین یان بیروباوەڕ، بۆچوونی سیاسی، باری سەربازی، جەنگاوەری دێرین، جەنگاوەرانی دوای شەڕی ڤێتنام، لەم دواییانە جیابۆوە یان کەسانی جەنگاوری باروودۆخ پارێزراو، بوونی هەر هەستیاریەك، کەمئەندامی دەروونی یان جەستەیی یان بەکارهێنەری سەگی مەشق پێکراو یان خزمەتگوزاری ئاژەڵ لەلایەن کەسێکەوە کە کەمئەندام بێت، بە یەکسانی پارەی دەدرێت یان زانیاری بۆماوەیی.

## ماف و بەرپرسیارێتییەکانی ئێوە لە کاتێکدا کە لە خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو لەلایەن فەرمانگەی بەساڵاچوویی و پاڵپشتی درێژخایەن و فەرمانگەی کەمئەندامییە تاکەکەسییەکان کەڵک وەردەگرن

رێنوێنییەکان

1. لە کاتێکدا کە مشتەری خەریکی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی چاودێریی سەرەتایی و پێداچوونەوەی گەڵاڵەی چاودێریی یان گەڵاڵەی پاڵپشتییە، ئەم فۆرمەی پێی بدەن. ئەگەر مشتەری لە پێشەوە خزمەتگوزاریی وەردەگرێت و پێشتر ئەم وەشانە لە فۆرمەکەی واژۆ نەکردووە، لە هەڵسەنگاندنی دواتردا فۆرمەکەی پێ بدەن. لەگەڵ مشتەرییەکە فۆرمەکە چاولێکەنەوە تاکو هەموو پرسیارەکانی پێوەندیدار بە مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانی مشتەری وەڵام بدەنەوە.
2. دوو کۆپی لە فۆرمەکە دەبێت لەلایەن مشتەری یان نوێنەرەکەیەوە واژۆ بکرێت تاکو پیشاندەری تێگەیشتن لە مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانی مشتەری لە کاتی وەرگرتنی خزمەتگوزاریی لە فەرمانگەی بەساڵاچوویی و پاڵپشتی درێژخایەن و فەرمانگەی کەمئەندامییە تاکەکەسییەکان بێت.
3. کۆپییەکیان بخەنە ناو دۆسیە یان سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەنامەکان (DMS) و کۆپییەک بدەن بە مشتەرییەکە.